**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.be

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
CHAK
chak_org@yahoo.com

# کوردستانیانی دانیمارک خۆپیشاندانیان دژ بە تۆپبارانی ئێران
# لە ناوچە سنوریەکانی حاجی ئۆمەران، پشدەر و پێنجوێن کرد

هەروەکو بڕیار بوو، کۆمەڵێک لە کوردستانیانی دانیشتووی دانیمارک بەتایبەتی ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی گەل و ناوەندی چاک لە ڕۆژی هەینی 7ی سێپتەمبەر بەکاتی 12ی نیوەڕۆ چوونە بەردەم باڵوێزخانەی ڕژێمی ئێران، بە هەڵدانی دوو دروشمی گەورە "تۆبارانی خەڵکی بێتاوانی گوندەکان ڕاگرن" کە بە زمانەکانی دانیمارکی و ئینگلیزی نووسرابوون، دەست بە پرۆتستۆکە کرا. وتەی پرۆتستۆ بە زمانەکانی دانیمارکی، ئینگلیزی، کوردی و فارسی خوێندرانەوە، گەلێ دروشمی نارەزاییش ناوە ناوە گوتران.




شایانی گوتنە باڵوێزخانەی ئێران، هەموو دەرگە و پەنجەرەکانیان داخست بوو، هەرچەندە داوایان لێکرا کەوا پێشوازی لە یاداشتنامەی ئامادەبووان بکەن، بەڵام پەسندیان نەکرد. بۆیە یاداشتی پرۆتستۆکە خرایە پۆستی باڵوێزخانە و داوایان لێکرا بۆ دەوڵەتی ئێران یاداشتی کەن.

لە وتەکان و یاداشتەکاندا جەخت لەسەر ئەم داواکاریانە کرایەوە:

1. تۆپبارانی سەر ناوچە سنوریەکانی کوردستان ڕاگرن

2. قەرەبووی خەڵکە قوربانیەکە بکرێتەوە
3. لێگەڕێن گوندنشینەکان بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان




لە بۆنەکەدا تەلەڤزیۆنی کوردان تیڤی kurdantv چالاکانە وێنەی خۆپیشاندانەکەی گرت و کۆمەڵێ چاوپێکەوتنی لەگەل بەشداران ئەنجام دا، لەوانە لەگەڵ ئەندامانی چاک، کۆنگرەی گەل و جیمی نیلسن کە کەسایەتیەکی دانیمارکیە و چالاکڤانە، پاشان لە هەمان رۆژ بەکاتی 18.30 بەڕێکی پرۆتسۆکەی بڵاوکردەوە. دەستخۆشیان لی دەکەین.

جێگای تێبینییە پارتە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات و باشور بەشداریان لە بۆنەکەدا نەبوو ..

کۆنگرەی نەتەوەیی گەل
ناوەندی چاک
08.09.2007